له ڕابەریی حیزبێکی کوردستانییەوە بۆ سەرۆك کۆماری عیراقی عەرەبی ...

# له کوردێکی عێراقییەوە بۆ عێراقییەکی کورد



**سەلاحی گەرمیان/ سیدنی**
germiyan@hotmail.com

گومان لەوەدا نییە کە دەسنیشانکردنی کوردێك بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری وەرچەرخانێکی بەرچاوە لە سەر ئاستی عێراق و وولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ناوین لەهەمان کاتدا. سەبارەت بە عێراق، هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە کە خۆی لە خۆیدا نا حەقییەك بوو بەرامبەر بە کورد کە بەشێك لە کوردستان لکێنرا پێوەی بەبیٚ بەرچاوگرتنی خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و لەو کاتەشەوە گەلی کورد دووچاری هەموو جۆرە ستەمێکی نەتەوایەتی بوەتەوە تا گەیشتە پاکتاوی ڕەگەزی لە تاوانکارییەکانی ئەنفال. لە سەر ئاستی وولاّتنی ڕۆژهەلاتی ناوینیش، ئێستا ڕژێمی دیموکراسی بوونی نییە لە هیچ ولاّتێکیدا و ڕژێمی پاشایەتی، تولیتاری یان میلیتاری ناسیۆنالیست حکومرانییان ئەکات . کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو عێراقەی کە پەیماننامەی سایکس _ پیکۆ نەخشەی بۆ کێشا بەردەوام بە خەنجەرێك لە قەبرغەی نەتەوەی عەرەب دائەنرا. بەلاّم لە ڕاستیدا ئەم واقیعەی ئێستاش کە هاتوەتە کایەوە بە خەبات و تێکۆشانی و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان و سەرهەڵدانی هەلومەرجی نوێی نێودەوڵەتی، کە بۆ هۆی ئەوەی کێشەی خەڵکی کوردستان بچێتە قۆناغێکی نوێوە و چیتر لە چوارچێوەی کێشەی ناوخۆی ئەو ولاّتانەی کوردستانییان بەسەر دابەشکراوە باسی لێوە ناکرێت.

بەلاّم دەستنیشانکردنی مام جەلال وەك کوردێك بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق هاوکات لە ڕۆڵی میدیای لایەنە حیزبیەکانی کوردستان لە چەواشەکردنی ڕاستییەکانی پشت دەرگا داخراوەکان و زاڵبوونی سۆز و عاتیفەی نەتەوایيەتی بوونە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان بە گەرمی پێشوازی بکات و بیٚ بایيەخدان و گوێدان بە ڕێکەوتنامە نهێنییەکانەوە لە گەڵ وولاّتانی دراوسیٚ و ولایەنە سیاسییەکانی عێراق بە ناوەی " تەوافوق " دوە کە بنامەکانی شاراوەیە لە خەڵکی کوردستان.
ئەم ڕووداوە پرسیارێك ئەووروژێنیٚ: ئایا دانانی کوردێك بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق لە گەڵ سەربەخۆیی کوردستان کە خواستی هەموو تاکەکەسێکی کوردە (بەدەر لە گەمەی سیاسی حیزبەکان) و لە

**داواکردنی خەڵکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفرادومێکی ئازاد کە لە ئەنجامی دەنگدانی نا فەرمی بە رێژەی پتر لە 98% لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیاندا، خۆیئەگرێتەوە؟، یان دەقاودەق دژ بە داخوازی گەلی کوردە بۆ سەربەخۆیی؟.**

**سەرەڕای دەسەلاتی ڕژێمی دکتاتۆری زۆربەی ناوچەکانی باشوری کوردستان لە 1991 وە دابڕابو لە عێراق، بەلاَم ئێستا ئەبینین گەڕانەوە بۆ باوەشی عێراق و پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق دروشم و ووتەی سەرزاری سەرکردەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن. مام جەلال لە پێش دەستنیشانکردنی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بە ڕاشکاوی ئەڵێت:**

**" <u>من تا ئێستا کوردێکی عیراقی بووم بەلاَم لە ئێستاوە ئەبم بە عێراقییەکی کورد</u>"(1). گریمان دەربڕینی ئەم هەڵوێستە لە چوارچێوەی خۆ ئامادەکردن بو بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری، بەلاَم تاڕادەیەکی زۆر کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانەی هەیە بەسەر خەباتی گەلی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی.**

**دوا بەدوای دەستنیشانکردنی مام جەلال و لە وەلاَمی پرسیاری ڕۆژنامەنوسێك لە بارەی خواستی خەڵکی کوردستان لە بەرپاکردنی ڕیفراندوم ئەڵێت: <u>گەلی کورد نایەوێت جیابیتەوە لە عێراق ئەو ریفراندومە بۆ فیدرالییە لە چوارچێوەی عیراق</u>." لە کاتێکدا حیزبە دەسەلاَتدارەکان بۆ هیچ بڕیارێکی چارەنوسساز ناگەڕینەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان بەلاَم کە دێتە سەر کێشەی کەرکوك کە هەموو تاکەکەسێکی کورد داوای گەڕانەوەی ئەکات بۆ ناو چوارچێوەی کوردستان لەگەڵ پاراستنی مافی هەموو دانشتوانی مام جەلال بە پێچەوانەی خواستی خەڵك لە چوارچێوەی سیاسەتێکی تەمومژاوی کە لە چوارچێوەی "تەوافوق" دەوە سەرچاوە ئەگرێت سەبارەت بە کێشەی کەرکوك ئەڵێت: <u>کەرکوك شاری برایەتی وشاری کوردو عەرەب وتورکمان و کلدو ئاشورییە ودانیشتوانەکەی خۆیان بڕیار لەچارەنوسی خۆیان دەدەن</u>."(2) و داوای بەجێهێنای برگەی(58)ی دەستوری کاتی عیراق ئەکات بەبێ هیچ ئاماژەیەك بۆ دیاریکردنی سنوری کوردستان و بۆ چارەسکردنی کێشەش پێشنیاری مۆدێلی برۆکسلی ئەکات.**

**من وائەبینم کە هەڵبژاردنی کوردێك بۆ پۆستی دەولەتێك کە ناسنامەی عەرەبی هەیەوە و ئەندامی کۆمەڵەی عەرەبییە نەك تەنیا ڕەتکردنەوەی خواستی سەربەخۆییە بەڵکو سڕینەوەی ناسنامەی کورد ئەگەیەنێت، ئەگەرنا ئەی ووتەکەی مام جەلال بە زمانی عەرەبی پاش سوێندخواردنی وەك خەمخۆرێکی کاروانی ڕزگاریخوازی عەرەب چی ئەگەیەنێت کە ئەڵێت:** " <u>على العراق ان يقوم بدوره الفعال في الجامعة العربية ومنظمة الدول الاسلامية وفي المحافل الدولية المختلفة فالعراق عضو مؤسس وهام في الجامعة العربية ولن ينجح الركب العربي المتحرر في تحقيق اهدافه من دون العراق</u>." **بە واتا " <u>لەسەر عێراقە کە ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵەی عەرەبی و ڕێکخراوی دەوڵەتە ئیسلامییەکان و مەحفەلە نێودەوڵەتییەکان</u>**

ببینێت، چونکە عیراق ئەندامێکی دامەزرێنەر و گرنگە لە کۆمەڵەی عەرەبی، و کاروانی عەرەبی ڕزگاریخواز سەرکەوتوو نابێت لە ئامانجەکانی بە بێ عێراق."

ڕوون و ئاشکرایە کە بە فیدرالیکردنی عێراق و پاراستنی قەوارەی عێراق بەم شێوەیەی ئێستا جێی ڕەزامەندیی لایەنەکانی عەرەبی عیراق و تورکیا و ئێران و سوریا و وڵاتانی عەرەبی ترەوە بوو کە هیچییان خۆشییان بە گەیشتنی کورد بە مافەکانی خۆی نایات وباشترین ڕێگاش بۆ مەبەستی پاراستنی خاکی عێراق و پێشگیری لە داواکاری سەربەخۆیی کوردستان کە ڕەوتەکەی ڕۆژبەڕۆژ بە هێزتر ئەبێت، دانانی مام جەلال بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (حوڕییەتی تورکی) پرسیارێك ئەخاتە ڕوو سەبارەت بەرژەوەندی تورکیا لەم گەمەیەدا (بە ووتەی ڕۆژنامەکە) و ئەڵێت: "بەبێ سێ و دوو بەرژەوەندی تورکیا لە عێراقێکی ئەکگرتودایە. چونکە عێراقێکی پارچەکراو پێش هەموو شتێك دەوڵەتی کوردستانی لێ ئەبێتەوە و ئەو قەوارەیەش کاردانەوەی چارەنووسسازی ڕاستەوخۆی لەسەر تورکیا ئەبێت. بۆ ئەوەی تورکیا بتوانێت گرنگی و قورسایی خۆی بپارێزێت لە ناوچەکە پێویستی بەوە هەیە یاری لە گەڵ هەردوو لایەن بکات، بە واتای مامەڵەکردن لەگەڵ فیدرالی کورد بەرامبەر مەترسی شیعەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ شیعەکان دژ بە کورد لە بەکارهێنانی مەترسی کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر یەکپارچەیی عێراق."(3) تورکیا بێ ئاگا نەبوو و یان بە واتایەکی تر دانانی مام جەلال بە سەرۆك کۆمار ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو بۆ تورکیا، و هاتنی پێشوەختی شاندێکی بەرزی دەوڵەتی تورکیا بۆ قەلاچۆلان و تووێژیان لە گەڵ مام جەلال بێ مەرام نەبوو.

ئەگەر پاساو بۆ ئەو گەمە سیاسیانە و بیانوی لایەنە سیاسییەکان بۆ پەیرەوکردنی ئەو بڕیارە سیاسییە چارەنووسسازانە کە هەموو لە سەرووی خەڵکی کوردستان و بەبێگەرانەوە بۆ ڕای خەڵك ئەدرێت، ئەوەبێت کە بارودۆخی ئێستا کوردستان واهەڵئەگرێت و مەترسی و هەڕەشەی وڵاتانی ناوچەکە ناچاریان ئەکات واقعی بیین بن و پەیڕەوی ئەو جۆرە سیاسەتە بکەن، ئەی خۆ ئەکرێت بە شێوازێکی تر لە چوارچێوەی عیراقدا بمێننەوە، ئەویش لە پاش دیاریکردنی قەوارەی سیاسی کوردستان و پاشان بڕیاردان بە هاوکاریکردن ویەکگرتنەوە لە گەڵ عێراقی عەرەبیدا لە ژێر سیستەمێکی کۆنفدرالی تا زەمینە و بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەڕەخسێت بۆ بەرپاکردنی ڕیفراندومێکی ئازاد بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتنوەکان.

2005 / 4 / 12

---

1- لە لێدوانێکی مام جەلال بۆ ڕۆژنامەی ( زەمانی تورکی) لە ڕۆژی (2005/2/27) بلاوکراوەتەوە

2- سایتی (puk media) لە ڕۆژی 2005/4/11 لە ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتەوە وەرگیراوە.

3- ئەم ووتارە گۆڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە سایتی (puk media) لە ڕۆژی 2005/4/12 بلاوکراوەتەوە